# ریفەراندۆمەکەی سکۆتلەندە،لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە



هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠١٤/٩/٢٢ بەرلین

کورتەیەکی مێژوویی:

سکۆتلەندە، لەتەک ئیرلەندەی باکوور و وێلز و ئینگلتەرادا، چوارەمین دوورگەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای مەزنە. دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٥ ملیۆن و رووبەری خاکەکەی ٧٨کم دووجایە. سکۆتییەکان، خاوەنی تەواوی بنەماکانی نەتەوەیەکی سەربەخۆن. لە ساڵی ١٧٠٧ دا، بە بڕیاری کۆمەڵێ دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە،یەکگرتن لەگەڵ شانشینی بەریتانیادا پێکدێنن. بەم پێیە ٣٠٧ ساڵە سکۆتلەندە بەشێکە لە بەریتانیا و لە لایەن لەندەنەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەم پێکەوە ژیانەش بە درێژترین و سەرکەوتووترین ئەزموونی جیهانی دادەنرێت.

سکۆتلەندە نیشتمانێکی دەوڵەندە و هەڵکەوتێکی جوگرافیایی گرنگی هەیە. بە تێکڕا ٨% دانیشتوان و ٣٢% رووبەر و ١٠% ی داهاتی شانشینی یەکگرتوو پێکدێنێ.

٨٥%ی نەوتی شانشین لە سکۆتلەندایە و دەوڵەندیشە بە کۆمەڵێ سامانی دیکەی نەتەوەیی.

سکۆتییەکان، چەندجارێ هەوڵی سەربەخۆییان داوە و ساڵی ١٩٧٩ لە ریفەرندۆمێکدا ٣/١ دانیشتوانەی، لەگەڵ سەربەخۆیی سکۆتلەندەدا بوون. سکۆتییەکان،بێوچان چاوی هیوایان لە سەربەخۆیی بڕیوە،بۆیە ساڵی ١٩٩٩، لەسەردەمی سەرەک وەزیران تۆنی بلێردا بڕیاری ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبردن)یان بەدەست هێنا.لە ٢٠٠٧ وە ئەلێکسەندەر سالیمۆند، وەک یەکەم وەزیر و سەرۆکی پارتی نیشتمانی سکۆتلەندە،کەمپینی سەربەخۆیی لە ڕێی ریفەراندۆمێکی ئازاد و دیموکراسییانەوە بەرپا کردووە. بە واتایەکی دیکە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکەیان لەگەڵ ئینگلتەرادا دەکات.

له ریفەراندۆمەکەی ٢٠١٤/٩/١٨دا، بە چەند دەنگێکی کەم نەگەشتن بە سەربەخۆ سیاسی خۆیان. ئەگەرچی توانییان کۆمەڵگەکەیان ببزوێنن و پەیامی سەربەخۆبوون بدەن بە گوێیاندا. هەروەک سالیمۆند گوتی: "ریفەراندۆم چرکەسات نەبوو،بەڵکو هەژان و بزواندن بوو".

دیارە لە نێوان هەوڵی یەکەم و دووەمدا، جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت و ئاستی دەنگدارانی سەربەخۆخواز، تا بێت بڵند دەبێتەوە و پرۆسەی پرسی سەربەخۆیی، بەردەوام خورتتر دەبێت. ئەوەی لای سکۆتلەندییەکان جێی سەرنجیشە، نائومێدنەبوون، کۆڵنەدان و سووربوونە لەسەر سەربەخۆبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک دوا ئامانجێک. هەروەک ئەلێکساندەر سالیمۆندی رابەری هەڵمەتی سەربەخۆیی ووتی: "نەتەوەکان کاتێ دەبنە نەتەوە،کە بوونە خاوەنی دەوڵەت".

راستە سکۆتلەندییە سەربەخۆخوازەکان، لەم هەوڵەیاندا، دەستتیان بە سەربەخۆیی رانەگەیشت، لێ پەیامی خۆیان، بە گوێی لەندەن بە تایبەتی و جیهان بە گشتیدا دا،کە دەستبەرداری ئەو ئامانج و هیوایە نابن و پرۆسەکەیان هەرگیزاو و هەرگیز بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و هەر دەبێ بگەنە ئاوات.

بۆ شانشینی یەکگرتوو، سکۆتلەندە، بایەخی ئابووری و سەربازیی و مرۆیی گەورەی هەیە. شانشین، یەکێکە لە ٥ ئەندامە هەمیشەییەکەی، ئەنجومەنی ئاشایشی نێودەوڵەتی و خاوەنی چەکی ئەتۆمییە. بنکەی چەکی ئەتۆمییەکەشی وا لە فاسلینی سکۆتلەندە.

گەر سکۆتلەندییەکان، سەربەخۆییان بەدەست بهێنایە،وا لە ساڵی ٢٠١٦ دا، واتە پاش دوو ساڵی دی، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان رادەگەیاند. شایانی ئاماژە پێدانە ،کەوا سکۆتلەندییەکان، رەزامەندی خۆیان نیشان دا، ئێلیزابێتی دووەم، شاژنی شانشینی یەکگرتوو، وەک شاژنی سکۆتلەندە بمێنێتەوە. بە ئومێدی ئەوەش بوون وڵاتەکەیان لەناو یەکێتی ئەوروپا و ناتۆدا بمێنێتەوە و بڕیار وابوو تا ساڵی ٢٠٢٠ تەواوی خاکی سکۆتلەندە لە چەکی ئەتۆمی پاکبکرێتەوە. ئەوەی لێرەدا شیاوی ئاماژەپێدانە، سەرەتای ئاماری دەنگدەران(بەڵێ) سەربەخۆخوازەکان، لە پێشەوە بوون.ئیدی پاشتر ئەو هاوکێشەیە بۆ (نەخێر) قلْپ بووەوە،جارێ کەس باسی لێوە ناکات.

*کێشەکانی بەردەم سەربەخۆیی :*

- لەندەن رازی نەبوو لە دۆخی سەربەخۆبووندا، سکۆتلەندە دراوەکەی بەکار بهێنێ. لەندەن بە هەموو توانایەوە، کۆمەڵێ ئاستەنگ و چەڵەمەی دیکەی ئابووریی و دارایی بۆ سکۆتلەندە قووتکردەوە و بەردەوام هەڕەشە و ترسی بڵاودەکردەوە.ئەمەش هاووڵاتی سکۆتلەندی دوودڵ و نیگەران کرد.

- دژوارکردنی مانەوە یان رێگای بوونە ئەندامی سکۆتلەندە، لە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆدا.

- لەندەن دژەتوانایەکی زۆری میدیایی و راگەیاندنی و سیاسی لە بەرامبەر سەربەخۆییدا،خستە گەڕ. وە زۆربەی کەسایەتییە سکۆتییەکانی وەک گۆردن براونی کۆنە سەرەک وەزیران و ئەندامانی دیکەی پارتی کرێکارانی ئۆپۆزیسیۆنی هاندا،بەگەرمی رێ لە سەربەخۆیی بگرن.

- راستە پرۆسەی ریفەراندۆمەکە لە وڵاتێکی دیموکراسی و بە شێوەیەکی دیموکراسی بوو،هەڕەشەی سەربازی و جەنگ هەڵگیرسانی تێدا نەبوو،لێ جۆرەکانی دیکەی ئامرازی هەڕەشە و ترساندن و دڵساردکردنەوەی تێدا بەکار هات.

- ئەم ریفەراندۆمە، بەرانبەر بە جیابوونەوە، لە ئینگلتەرا کرا. ئەو ئینگلیزەی گەورەترین کۆلۆنیالیستی جیهان بووە و سەردەمانێ نێزیکی ٣/٢ جیهانی بەدەستەوە بووە. هەنووکەش بە مامانی سیاسەتی جیهانی دادەنرێت و شکۆیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەستڕۆیشتوو و شارەزا و فێڵاوین لە کاروباری جیهاندا. بۆیە بە هەموو مانای ووشە ریفەراندۆم،خەباتێکی سەخت و دژوار بوو.

- ئابووری ئینگلتەرا گورزی کوشندەی بەردەوکەوت ، پێگەی ئابووریی و سەربازیی و سیاسییان لە جیهاندا لەق دەبوو.

- رۆڵی نێگەتیڤی بروکسل، وەک ناوەندی یەکێتی ئەوروپا و بەشێکی دیکەی بەرچاوی وڵاتانی ئەوروپا و جیهان،هەر یەکەی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە نهێنێ و ئاشکرا دژ بەم ریفەراندۆمی سەربەخۆییە بوو. ئەمریکاش، ئارەزوومەند نییە، لە بارودۆخە ناسک و ئالۆزەی ئەوروپای پێیدا تێدەپەڕێ، کێشەی نەتەوەیی سەر هەڵبدات و دڵسۆزترین و نێزیکترین دۆستی خۆی،و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و خاوەن ڤیتۆ، کە بەریتانیا زیانی لێ بکەوێت.

ـ ئەوروپا لەبەردەم قەیران دارایی و ئابووری قوڵدایەو کێشەکانی نێوان ئۆکرانیا و رووسیاش، بۆتە جێی نیگەرانی و مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی گوزەران، لە ئەوروپادا. رەزامەندی نواندن بەرامبەر بە سکۆتلەندییەکان، کێشەی قرم و رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، کە لەبەردەم ریفەراندۆمدان خەستتر دەکردەوە. بە کورتی ئەو باڵی ئارامییەی بە هەرنرخێ بێت، بەسەر ئەوروپادا کشاوە، دەکەوێتە مەترسییەوە. ئا لەم سۆنگەیەوە بوو، قسەکەری یەکێتی ئەوروپا گوتی : "پرسی سەربەخۆیی بۆ ئەوروپا وەک ژەهر وایە".

ـ کۆمەڵێ وڵات لە ئەوروپادا کێشەی نەتەوەیی تێدایە و هەندێکیان ئامادەکاریی دەکەن بۆ ریفەراندۆم وەک:

ـ ئیسپانیا، کاتەلانییەکان، مانگی ٢٠١٤/١١ ریفەراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام دەدەن. باسک و گالیسەکان.ئەمانە نێزیکی ١٢ ملیۆن دانیشتوانی ئێشتای ئیسپانیا پێکدێنن،هەمیشە چاوی هیوایان لەسەربەخۆیی بڕیوە.

ـ فلامییە هۆڵەندییەکانی باکوور و ڤالۆنییە فەرەنسییەکانی باشووری بەلژیکا.

ـ باشووری تیرۆل لە ئیتالیا ونەمسا.

ـ دانیمارک، دورگەی فۆرۆر کە ٥٠،٠٠٠ هەزار دانیشتوانی هەیە داوای جیابوونەوە دەکەن لە دانیمارک.

ـ باسکەکانی فەرەنسا کە ٣،٨ ملیۆن کەس.

ـ ناوچەی ئیلاند،کە سویدین، داوای جیابوونەوە لە فینلەندە دەکەن.

لە بالکان، هەندێ کێشەی دیکە لەبەردەم ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپادا ماوەتەوە. کیبویکەکانیش لە کەنەدا،چەندین هەوڵی سەربەخۆییان داوە.

لەگەڵ گەرموگوڕی هەواڵەکانی سکۆتلەندەدا،سەرەک وەزیرانی کاتالانییەکان، Artur Mas گوتی:" شکستی سەربەخۆخوازانی سکۆتلەندە،مانای گەڕانەوەی کاتالانییەکان نییە لە داخوازییەکانیان.وەک بڕیارە لە ٢٠١٤/١١/٩ دا ریفەراندۆمەکەیان ساز دەکەن".Mark Demesmäeker سەرۆکی هاوپەیمانێتی فلامەکان گوتی: " نابێ هاوتەریبی و هاوشێوەیی لە نێوان سکۆتلەندە و کاتالان و

فلاندیدا بکێشرێ، ریفەراندۆم لای ئێمە بەڕێوەناچێ. ئێمە هەنگاو بە شێوازی خۆمان هەڵمەتی سەربەخۆیی دەبەین بەڕێوە".

ئەمانە، مشتێ کێشەی چارەسەرنەکراوەن، کە بەرۆکی ئەوروپا و جیهانیان گرتووە و تا چارەسەر نەکرێن، هەر ساتە نا ساتێ، دەکەونەوە سەر شانۆی سیاسەتی جیهانی.

*کاریگەرییەکانی ریفەراندۆمی سەربەخۆیی:*

- سەلماندنەوەی راستینەی پرسی نەتەوە، بوونی هەستی نەتەوایەتی و زیندوویی و شانازیی نەتەوەیی و نەمرییان . هەروەها کامڵبوونی ئەم راستینانە(هەقیقەتانە)، لە سەربەخۆیی و چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا.

- هەژاندنی ئەوروپا و جیهان، و بەرپاکردنی رێنیسانسێک، لە رەهەندەکانی پرسی نەتەوەیی دا. بە تایبەت، کە سیستەمی دیموکراسی و بانگاشەکانی مافی مرۆڤ و شارستانێتی، هێشتا، ئەو هەوارە نییە، کە بڵێین، دۆزی نەتەوەیی، تێیدا بە ئاکام گەیشتووە.

- سیستەمە سەنتراڵییەکان، دەبێت لەمەو پاش، دێسەنتڕالیزە و هەرێمی بکرێن و دەوڵەتانی فرەنەتەوە و هەرێم، ماف و دەسەڵاتی زیاتر بدەن بە هەرێمەکان. بە تایبەتی، لەرووی خۆبەڕێوەبردن و سووت و کەڵک وەرگرتن، لە سامان و باج و داهاتی دەوڵەت. بە کورتی دێپاچەی فیدرالیزم،سەرلەنوێ بەرگێکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ.

دەرئەنجامی ئەم ریفەراندۆمەیە،حکومەتی لەندەن گەڵاڵەی پڕۆژەبڕیارێکی بۆ مانگی ٢٠١٤/١١ ئامادە کردووە، ماف و دەسەڵاتەکانی سکۆتلەندی و دوورگەکانی دیکەی شانشینی یەکگرتوو زیاد بکات.بەم پێیە بڕیارە سکۆتلەندییەکان خۆیان بڕیار لەسەر باج و دارایی خۆیان بدەن.

هەمان کات، حکومەتی لەندەن، سەرگەرمی ئەوەیە، گۆڕانی زۆر گەورە، لە سیستەمەکەیدا بکات و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ هەرێمەکان باشتر بکات. وەک دەڵێن بۆ ئەم گۆڕانکارییانەش ئینگلتەرا،پێویستی بەدەنگی ئینگلیزە بۆ بڕیارێکی ئینگلیزیی. شیاوی وەبیرهێنانە،کە هێزە چەپ و ئۆپۆزیسیۆنەکانی

ئینهگلتەرا،بەرامبەر بە پرسی سەربەخۆیی سکۆتلەندە،چ هەڵویستێکی دیاریان نەبوو.بگرە بە روونی دژ وەستاوەنەوە.

دەرئەنجامی ئەم دیاردە و گۆڕانکارییە نوێیە، ئێستا بەئاشکرا دەنگ لە برۆکسل(پایتەختی یەکێتی ئەوروپا)وە، بەرز دەبێتەوە،داوای ریفۆرم لەو وڵاتانەدا دەکات،کە لەو جۆرە کێشانەیان تێدایە. واتە، چیدی سەردەمی حوکمی نێوەندی و تاک ئاغایەتی نەماوە.هاوکات ئەوەش بەدیارکەوت دەوڵەتی مۆنتاجکراو و بەزۆر دروستکراو و سەپێندراو و زۆڵەک و ناسروشتی قووتکراوە، لەسەر هەژماری نەتەوەی دیکە،چیدی وەک چەمک و پێناسە وەرناگیرێن و مۆدێلیان بەسەر چووە.

رەنگە، لەندەن لەم تاقیکردنەوەی سکۆتلەندییەکاندا،هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشێ و بڵێ ئۆخەی بڕیاری مانەوە درا. ئێستاش پێویست ناکات سەرەک وەزیرانی شانشینی یەکگرتوو دێڤید کامیرۆن، خۆی بکوژێ، وەک رایگەیاندبوو،گەر سکۆتلەندییەکان جیاببنەوە، ئەو کارە دەکات.راستییەک کە ناکرێ فەرامۆشی بکەین،ئەوەیە خودی حکومەتەکەی لەندەن ،لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا لە کێشە و ململانێیەکی سەخت و قورسدایە. لەندەن لەسەردەمی کێشە و قەیرانی دارایی ئەوروپادا،هیچ ئامادە نەبوو هاوکاریی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ناوبراو بکات و تەنانەت لەسەر دراوەکەشیان هەر لە کێشەدان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا. وا بڕیارە لە سالێ ٢٠١٧ دا ئەم کێشانە لە رێی ریفەراندۆمێکەوە،لەمەڕ مانەوە لە یەکێتی ئەوروپادا،یاخود دەرچوون ،یەکلا بکرێتەوە. ئەوسا دروشمی "پێکەوە ژیان باشترە" کە حکومەتی لەندەن و هاوپەیمانەکانی، بەرووی سەربەخۆخوازانی سکۆتلەندیدا بڵندیان کردبۆوە،بەچ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ،کاتێ یەکێتی ئەوروپا، بە هەمان دروشم،داوا لە حکومەتی لەندەن بکات ،لە یەکێتی ئەوروپادا بمێنێتەوە و پێکەوە ژیان باشترە. هەڵبەت ئەمەش بارێکی سایکۆلۆژی و بەرپرسیارێتییەکی ئەوروپی ئاڵۆز و قورس و هەستیار، دەخاتە سەرشانی ئینگلتەرا.

بەهەرحاڵ ،هەرچۆنێک لەو پرۆسێسە گرنگەی سکۆتلەندییەکان پێیدا تێپەڕین و ئەنجامیان دا بڕوانین،تێدەگەین کەوا ئەم هەنگاوە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەتەوە بندەست و ئازادیخوازەکان.کوردیش لە چەندین لایەنەوە دەتوانێ سووت لەم تاقیکردنەوە وەرگرێ و ئەزموونەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. هەرچەند دەبێ لەوەدا، زیت و بەدیقەت بین، سکۆتلەندییەکان،لە وڵاتێکی دیموکرسدا دەژین

و هەڕیشەی مەرگییان لەسەر نییە،مەگەر تەنیا لە رووی ئابوورییە دادۆشرێن و خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان وەک پێویست نەبن، دەنا بێ خەباتی چەکداریی و بێ لە سێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی و راگوێزانی هاووڵاتییانی سڤیل و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتییان و سوتماکردنی نیشتمانەکەیان،هێشتا هەر مکوڕە لەسەر هەڵمەتی سەربەخۆیی و چۆکدانادات و  و بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ بێوچان لە تێکۆشاندایە. کورد نەتەوەیەکە ،نیشتمانەکەی دوا کۆلۆنی نێودەوڵەتییە و ئەنفال دەکرێ،ژەهر و چەکی کیمیاویی بەسەردا دەکرێ،بە عارەب و تورک و فارس دەکرێ، مێژوو و زمان و فەرهەنگی  خۆی ،لێ قەدەغە دەکرێ و رووبەرووی ژینۆساید دەبێتەوە. کەواتە داوای مافی ئۆتۆنۆمی و فیدڕالی و کۆنفدراڵی،سەرلەبەریان دەچنە خانە فشە و  پووچەڵییەوە و تاکە ڕێی راست و دروست، بۆ کورد و ناوچەکە ،ئەوەیە کوردستان بێتە دەوڵەت.

---

بۆ ئەم وتارە،سوودم لە رۆژنامەی دێر تاگە شپیگل و دی ڤێلتی ئەڵمانی وەرگرتووە.